## ئەنجومەنی دادوەری / هەرێمی کوردستان

**ژمارە : ٤٧ لە ٢٠٠٩/٤/٢٠**

بەمەبەستی باشتر رێکخستنی کارەکانی کارگێڕی لە دادگاکان بە لەناو بردنی بەراییەکانی بەڵگەکان ( حجج ) کە لە کۆگاکانیاندا کەلەکە بووە و جێگایەکی زۆریان گرتووە وە رێنمایی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٩ بێ دەنگە بە لەناو بردنی ئەم جۆرە بەراییانە بۆیە ئەنجومەنی دادوەری بە کۆی دەنگ بریاری دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

### رێنمایی ژمارە ( ١ ) ی ســـاڵی ٢٠٠٩

بە گوێرەی بریارەکانی مادده (٣/١٤) لە یاسای پاراستنی بەلگەنامەکان ژمارە ( ٧٠ ) ی ساڵی ١٩٨٣ و لەبەر بێدەنگی رێنمایی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ١٩٨٩ کە لە وەزارەتی دادەوە دەرچووە سەبارەت بە رێکخستنی پاراستنی بەڵگەکان و چۆنیەتی لە ناو بردنی بەراییەکانی ( بەڵگەنامەکان ) لە دادگاکانی بەرایی و باری کەسی و مادده کەسینەییەکان ، سەربارەت بەم بابەتە ، ئەم رێنماییانەی خوارەوە دەرچووە:-

١- زیاد کردنی ئەو خشتەیەی کە لە خوارەوە دانراوە بۆ سەر خشتەی ژمارە ( ٢ ) کە تایبەتە بەو بەڵگەنامانەی دەکرێ لەناوببرێن بە تێپەربوونی ماوەیەکی دیاریکراو.

٢- لە هەرێمی کوردستان کار بەم رێنماییانە دەکرێت.

٣- ئەم ڕینماییانە لە کاتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

| ژ | خشتە | نزمترین ئاست بە ساڵ | بەرزترین ئاست بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | بەراییەکانی ( گرێبەستی هاوسەری - بەڵگەی پەسەندکردنی هاوسەری - دابەشنامەی شەرعی- دابەشنامەییاسایی - بەڵگەی ویسایە - بەڵگەی مردن - بەڵگەی لەدایك بوون - قەیمومە - بەڵگەی تەخاروج - بەڵگە جۆراو جۆرەکان - بەڵگەی میرات - بەڵگەی بەخێوکردن - بەڵگەی ڕێپێدانی هاوسەری ). ( لەدوای هەڵگرتنی دانەیەك لێی و بەرگ کردنی لەکاتی نەبوونی تۆمارنامەی تایبەت بەخۆی). | ٥ | ٧ |
| ٢ | بەراییەکانی ( بەڵگەی وەسیەت - بەڵگەی وەقف - بەڵگەی تەولییە ). ( لەدوای هەڵگرتنی دانەیەك لێی و بەرگ کردنی لەکاتی نەبوونی تۆمارنامەی تایبەت بەخۆی). | ١٠ | ١٥ |

**أحمد عبدالله زبیر**

**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM